**بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

## بڕیار
## ژمارە ( ٢٥ ) ساڵی ٢٠٠٨
## یاسایی ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان _عێراق

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە خولی دووەمی دانیشتنی ژمارە (٧) لە ٢٠ /٢٠٠٨/١٠ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (١٤) ی ساڵی ٢٠٠٨
## یاسای ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان ـ عیراق
## دەروازەی یەکەم
## دامەزراندن و ئامانجەکان

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەو دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە :

**یەکەم** : هەرێم: هەرێمی کوردستان ـ عێراق.

**دووەم :** ئەنجومەن : ئەنجومەنی شوورای هەرێم.

**سێیەم** : سەرۆك : سەرۆکی ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان ـ عیراق.

**ماددەی دووەم :**

ئەنجومەنێك لە هەرێمدا بەناوی (ئەنجومەنی شوورای هەرێمی کوردستان ـ عیراق) دادەمەزرێ، لەڕووی کارگێڕییەوە بە وەزیری دادەوە دەلکێ و پێکدێ لە سەرۆك و جێگری سەرۆك و ڕاوێژکاران، ژمارەیان لە پێنج ڕاوێژکار کەمتر نابێ ولە نۆش زیاتر نابێ.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

**ماددەی سێیەم :**

ئامانجی ئەنجومەن بە دیهێنانی ئەمانەی خوارەوەیە:

یەکەم : سەیرکردنی کێشە کارگێڕییەکان.

دووەم: زامنکردنی یەکێتی یاسادانان.

سێیەم: یەکگرتنەوەی بنچینەی داڕشتنی یاسادانان و زاراوە ودەستەواژەی یاسایی لە هەرێمدا.

**ماددەی چوارەم :**

ئەنجومەن لەمانە پێکدێ :.

یەکەم : دەستەی گشتی

١- لە سەرۆك و جێگرەکەی وڕاوێژکاران و ڕاوێژکارانی یاریدەدەر پێکدێ و دانیشتنەکانی بە سەرۆکایەتی سەرۆك سازدەدات و لە کاتی ئامادە نەبوونی بە سەرۆکایەتی جێگرەکەی دەبێ و بە ئامادەبوونی سێ لە سەر چواری ئەندامانی رادەی یاسایی تەواو دەبێ.

٢- ڕاوێژکارە یاریدەدەرەکان ماف بەشدار بوونیان لە دەنگداندا نییە.

دووەم: دەستەی سەرۆکایەتی: لە سەرۆك و جێگرەکەی و کۆنترین ڕاوێژکار پێکدێ.

سێیەم: دەستەی بەرزەفتکاریی فەرمانبەرانی هەرێم: لە جێگری سەرۆك و ئەندامیەتی دووان لە ڕاوێژکاران پێکدێ کە سەرۆکایەتی دەسنیشانیان دەکات و لە کاتی ئامادەنەبوونی جێگری سەرۆك، کۆنترین راوێژکار سەرۆکایەتی دەستەکە دەکات.

**ماددەی پێنجەم :**

ئەنجومەن سکرتێرێکی دەبێ کە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە یاسا یان هاوتاکەی بێ و بەلایەنی کەم (١٠) دە سالْ خزمەتی لە کاروباری یاسایی و کارگێڕیی دا هەبێ و بە سەرۆکەوە دەبەسترێتەوە و ئەم کارانە دەکات:.

یەکەم: ڕێکخستنی گۆڕینەوەی نووسراوەکان.

دووەم: سەرپەرشتی کردنی کاروباری کارگێڕی و دارایی.

سێیەم: ئامادەکردنی بەرایی ئەو پرسانەی کە دەخرێنە بەردەم ئەنجومەن.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.moikurdistan.com

# دەروازەی دووەم

## تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەن

**ماددەی شەشەم :**

ئەنجومەن تایبەتمەند دەبێ بە تەقنین و ڕا دەربڕین و ڕاوێژپێکردن لە کاروبارە یاسایی و دادوەری کارگێری لە هەرێمدا.

## بەشی یەکەم

## یاساکاریی

**ماددەی حەوتەم :**

ئەنجومەن لە بواری تەقنیندا ئەم ئەرکانەی دەگرێتە ئەستۆ:

یەکەم: ئامادەکردن و داڕشتنی پرۆژەی یاساکان لە هەرێمدا و، ئەمەش لەسەر داوای ئەنجومەنی وەزیران یاخود وەزارەتە تایبەتمەندەکان یان لایەنەکانی کە نەبەستراونەتەوە بە وەزارەت دەبێ.

دووەم : لێوردبوونەوە لەو پرۆژە یاسایانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە یان وەزارەتەکانەوە یاخود لایەنی نە بەستراو بە وەزارەتەوە ئامادە دەکرێن لە ڕووی شێوە و بابەتەوە.

سێیەم: پرۆژەی یاساکان بە نووسراوێك دەنێردرێن بۆ ئەنجومەن کە وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی نە بەستراو بە وەزارەت ئیمزاکردبێ لەگەڵ دەرخستنی هۆیە پێویستەکانی و هەموو کارە ئامادە باشییەکانی دا.

چوارەم: وەرگرتنی بیروڕای وەزارەتەکان یان ئەو لایەنانەی پەیوەست نین بە وەزارەت لە بارەی پرۆژەی ئەو یاسایانەی کە بۆی هاتوون و بۆی هەیە بۆ مەبەستی ناوبراو داوای ئامادە بوونی نوێنەریان بکات بە مەرجێك پلەکەی لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێ.

پێنجەم: ئەنجومەن لە پرۆژەکە دەکۆڵێتەوە و ئەگەر پێویستی کرد دووبارە دایدەڕێژێتەوە و داوای ئەو بەدیلانە دەکات کە بە پێویستی دەزانێ و لەگەڵ ئەو ڕاسپاردانەی ئەنجومەن بۆ ئەنجومەنی وەزیرانی بەرزدەکاتەوە و وێنەیەك لە پرۆژەکە و ڕاسپاردەکانی بۆ وەزارەت یا ئەو لایەنەی کە بە وەزراەتەوە نەبەستراوەتەوە دەنێرێ.

## بەشی دووەم

## بیروڕا دەربڕین و ڕاوێژکاریی یاسایی

**ماددەی هەشتەم :**

ئەنجومەن ڕاوێژی یاسایی پێشکەش دەکات لەو پرسانەی کە لەلایەنی باڵاوە بۆ پرس پێ کردنی دەخرێتە بەردەمی.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

**ماددەی نۆیەم :**

ئەنجومەن لە بواری ڕادەربرین ئەمانە ئەنجام دەدات:

یەکەم : دەربڕینی بیروڕا لەو مەسەلانەی کە وەزارەتەکان لەسەری ناکۆکن یان لە نێوان خۆیان و لایەنی نەبەستراوە بە وەزارەت، ئەگەر لایەنەکانی مەسەلەکە پەنایان بردە ئەنجومەن بۆ ناوبژیوانی، لەم حاڵەتەشدا لایەنەکان ملکەچی ڕاکەی دەبن.

دووەم : ڕوون کردنەوەی حوکمە یاساییەکان لەسەر داوای یەکێك لە وەزارەتەکان یان ئەو لایەنانەی پەیوەست نین بە وەزارەتەوە.

**ماددەی دەیەم :**

یەکەم : نابێ جگە لە وەزیری تایبەتمەند یان سەرۆکی لایەنی پەیوەست نەبوو بە وەزارەتەوە کێشەکان بخەنە بەردەمی ئەنجومەنەوە.

دووەم : نابێ ئەنجومەن بیروڕاو ڕاوێژکاریی یاسایی سەبارەت بەو کێشانە دەربڕێت کە لەبەردەمی دادگاکاندان یان سەرچاوەیەکی یاساییان هەیە بۆ تانووت لێدان.

**ماددەی یازدەم :**

وەزیری داد بۆی هەیە ئەو دۆزانەی پێی باشە بۆ ئەنجومەنی رەوانە بکات بۆ لێکۆڵینەوە و ڕا دەربڕین لە سەریان یان و ئامادەکردنی پرۆژەی یاساکانی کە پێی باشە دەربکرێت.

## بەشی سێیەم

## دادوەریی کارگێڕیی

**ماددەی دوازدەم :**

یەکەم : وەزیری داد بۆی هەیە دادگای کارگێڕیی لە سەنتەری پاریزگاکان لە هەرێم بە پێی پێویستی بەرژەوەندیی گشتی، بە سەرۆکایەتی دادوەریك لە پۆلی یەکەم و ئەندامێتی دوو دادوەر لە پۆلی دووەم یان سێیەم یاخود ئەندامێتی دادوەرێك و ڕاوێژکارێك دابمەزرێنێ.

دووەم : وەزیری داد بۆی هەیە داوای ئینتیدابی دادوەران بکات بۆ دادگای کارگێڕیی لەغەیری ئەوانەی لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەرییەوە ئینتیداب کراون بۆ ئەنجومەنی شوورای هەرێم.

سێیەم : سەیرکردنی ئەو داوایانەی کە لەم یاسایە دا هاتوون بە پێی یاسای دادبینی شارستانی یەکلا دەکرێنەوە و بە ئامادە بوونی ئەندامی داواکاریی گشتی دەبێ.

**ماددەی سێزدەم :**

دادگای کارگێڕیی ئەم تایبەتمەندییانەی هەیە:

یەکەم : سەیرکردنی دروستی ئەو فەرمان و بڕیارە کارگێڕییانەی کە لە فەرمانبەران و دەستەکان لە فەرمانگەکانی هەرێم دەردەچن لە دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە، کە لایەنێك دەسنیشان نەکراوە بۆ تانووت لێدانی لەسەر تانووت لیدانێکی خاوەن ئەگەری بەرژەوەندیی، تەنیا ئەوەندە بەسە کەترسی ئەوە لە گۆڕیدا هەبێت کە زیان بەرلایەنی بەرژەوەندیدار بکەوێ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.moikudistan.com

دووەم : یەکلاکردنەوەی تانووتە تایبەتیەکان بە هەڵبژاردنی دەستە خۆجێییەکان.

سێیەم: یەکلاکردنەوەی ئەو داوایانەی کە دەستەکان و کەسەکان پێشکەشی دەکەن بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیارە کارگێڕییە کۆتاییەکان.

چوارەم: داواکانی ڕەگەزنامە.

پێنجەم: داواکانی قەرەبووکردنەوە لەو زیانانەی کە لە ئەنجامی بڕیارە کارگێڕییەکانی بە نایاسایی دەرچوون.

شەشەم: تانووتدان لە بڕیارە کۆتاییەکانی کە لە لایەنە کارگێڕییەکانەوە دەرچوون لە بارەی کێشەکانی باج و ڕەسم بە پێی ئەو یاسایەی کە چۆنیەتی سەیرکردنی ئەو ناکۆکییانە ڕێك دەخات.

حەوتەم: تانووت دان لە ڕەتکردنەوە یان کار نەکردنی فەرمانبەر یان دەستەی فەرمانگەکان و دەزگاکانی هەرێم لەبارەی دەرکردنی بڕیارێك یان فەرمانێك کە پێویست بوو لەسەری لە رووی یاساییەوە بیکات.

## ماددەی چواردەم :

یەکەم : بڕیاری دادگای کارگێڕیی لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە ڕۆژی دووەمی پیٚ ڕاگەیاندنی یان ئاگادار کردنەوەی لە لایەن داواکاریی گشتیەوە تەمیزدەکرێتەوە.

دووەم: بڕیاری دەستەی گشتی کە لە ئەنجامی تانووت لێدانەوە دەرچووە بنەبڕە.

## ماددەی پازدەم :

ئەگەر ناکۆکی لە تایبەتمەندیدا کەوتە نێوان دادگای دادوەریی کارگێڕیی و دادگای شارستانی لەو بارەدا، ئەو سەرچاوەیە دەستەیەك دادەنیٚ کە لە شەش ئەندام پێکهاتبیٚ سیٚ ئەندامیان لە دادوەرەکانی دادگای پێداچوونەوە (تەمیز) دەبیٚ و سەرۆکی دادگای پێداچوونە هەڵیان دەبژێریٚ لەگەڵ سیٚ ئەندامی تر کە سەرۆکی ئەنجومەن لە ناو ئەندامانی هەڵیان دەبژێری و دەستە بە سەرۆکایەتی سەرۆکی دادگای پێداچوونەوە کۆدەبێتەوە و بڕیارەکەش بنبڕویەکلاکەرەوەیە.

## ماددەی شازدەم :

دادگای دادوەریی کارگێڕیی تایبەتمەند نیە بە سەیرکردنی ئەو تانوتانەی کە پەیوەندیدارن بە مانەی خوارەوە:

یەکەم: کارەکانی سەروەریی، دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم کە لە ماددەی دەیەم لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ دا هاتووە بە کاری سەروەری دادەنریٚ.

دووەم: بڕیارە کارگێڕییەکان کە یاسا ڕێگای بۆ زوڵم لیٚ وەرگرتنی یان ناڕەزایی لە سەردەربڕینی یان تانووت لێدانی بۆ داناوە.

## ماددەی حەڤدەم :

یەکەم: مەرجە بەر لە پێشکەش کردنی تانووت بۆ دادگای کارگێڕیی خاوەن تانووتەکە تظلم (دادخوازی) خۆی لە لای لایەنی کارگێڕیی تایبەت بکات ئەویش دەبیٚ لە ماوەی (١٥) پازدە ڕۆژ لە مێژووی تۆمارکردنی دادخوازیەکەیدا بڕیاری یەکلاکەرەوەی لەسەر بدات.

دووەم: دادخواز (متظلم) بۆی هەیە کە تەزەلومەکەی ڕەتکرایەوە یان لەو ماوەیەی کە لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە بڕیاری یەکلاکەرەوەری لیٚ نەدرا، تانووتی خۆی لەلای دادگای کارگێڕی لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕۆژی کۆتایی ماوە دیاریکراوەکە بدات دەنا ماڤ لە تانووت لێدانی لە دەست دەچیٚ.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

**ماددەی هەژدەم :**

دادگای کارگێڕیی بڕیاری خۆی لەو تانووتەدەدات کە پێشکەش کراوە و بۆی هەیە تانووتەکە رەتکاتەوە یان هەڵیوەشێنێتەوە یان فەرمانەکەی هەمواربکات یان بڕیاری تانووت لێدانەکە لەگەڵ حوکمدان بە قەرەبووکردنەوە ئەگەر پێویستی کرد، ئەمەش لەسەر داوای تانووت لێ دەردەبێ و بڕیارەکەشی لە رووی تەمیزییەوە قابیلی تانووت لێدانە لەلای دەستەی گشتی ئەنجومەنی شوورای هەرێم لە ماوەی (٣٠) سی رۆژ لە رۆژی دوای پێڕاگەیاندنەکە دانانی بە پێڕاگەیەنراو دادەنرێ و بڕیاری دادگاش کە تانووتی لێ نەدرابێ و بڕیاری دەستەی گشتی ئەنجومەنی شوورای هەرێم کە لە ئەنجامی تانووتەکە دەرچووبێ بنبڕە.

**ماددەی نۆزدەم :**

دەستەی گشتی لە ئەنجومەنی شوورای هەرێم ئەو تایبەتمەندییانە پیادە دەکا کە دادگای تەمییزبە پێی دەقی یاسای دادبینی شارستانی هەیەتی لە کاتی تانووت لێدان لە بڕیارەکانی دادگای کارگێڕیی.

**ماددەی بیستەم :**

یەکەم : دەستەی بەرزەفتکردنی هەرێم سەیری ئەو داوایانە دەکات کە فەرمانبەر بە پێی حوکمەکانی یاسای خزمەتی شارستانی پێشکەشی دەکات.

دووەم: بڕیاری دەستە قابیلی تانووت لێدانە لەلای دەستەی گشتی ئەنجومەن لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ لە رۆژی دوای پێڕا گەیاندنی.

سێیەم: بڕیاری دەستەی گشتی ئەنجومەن کە لە ئەنجامی تانووت لێکدانەکە دەردەچێ بنبڕە.

چوارەم: ئەو داوایانەی کە لە بڕگەی (یەکەم) ی ئەم ماددەیە دا هاتوون بە پێی حوکمەکانی یاسای دادبینی شارستانی سەیر دەکرێن.

**ماددەی بیست ویەکەم :**

یەکەم : دەستەی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم سەیری ئەو نارەزاییانە دەکات کە لەلایەن خاوەن پەیوەندیی لە بارەی سزاکانی کەلە یاسای بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی دەوڵەتدا هاتوون یاخود هەریاسایەکی تر کەجێی بگرێتەوە.

دووەم : بڕیاری دەستەکە لە ئەنجامی تانووتەکە دەرچووە بنبڕە.

سێیەم : ئەو نارەزاییانەی کە لە بڕگەی (یەکەم) ی ئەم ماددەیەدا هاتوون بە پێی حوکمەکانی یاسای ئوسوولی دادگایکردنی سزایی سەیر دەکرێن.

**ماددەی بیست ودووەم :**

یەکەم :دەستەی سەرۆکایەتی، پرۆژەی یاسا و کێشەکان بۆ دەستەی گشتی دەنێرێ بۆ لێکۆڵینەوەی و جێبەجێ کردنی کاری پێویست لە بارەیەوە.

دووەم: دەستەی گشتی بەزۆرینەی دەنگی ژمارەی ئەندامی ئامادە بوو بڕیارەکانی دەدات و ئەگەر دەنگەکانیش وەکو یەك بوون ئەو لایەنە پەسند دەکرێ کە سەرۆك دەنگی بۆ داوە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.moikurdistan.com

## دەروازەی سێیەم
## خزمەتکردن لە ئەنجومەندا

### ماددەی بیست وسێیەم :

مەرجە لە دامەزراندنی سەرۆك و جێگری سەرۆك و ڕاوێژکارو ڕاوێژکاری یاریدەر سەرەڕای مەرجەگشتییەکان بۆ دامەزراندن لە فەرمانبەریەتی گشتیدا دەبێ خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس بێ لە یاسا یان هاوتاکەی و بیست ساڵ دوای دەرچوونی لە کۆلێج خزمەتی بەکردەیی لە فرمانی دادوەریی یان پارێزەریی هەبێ، ئەمە بە نیسبەت سەرۆك و جێگری سەرۆك و ڕاوێژکار و پازدەساڵیش بە نیسبەت ڕاوێژکاری یاریدەدەر.

### ماددەی بیست وچوارەم :

دوو ساڵ لەو ماوەیە کەم دەکرێتەوە کە لە ماددەی پێشوودا هاتووە بۆ ئەو کەسانەی بڕوانامەی ماجستێریان بەدەست هێناوەو پێنج ساڵیش بۆ ئەوانەی بڕوانامەی دوکتۆرایان بەدەست هێناوە و ماوەی خوێندنی بچووکیش بۆ وەرگرتنی هەریەك لەو دوو بڕوانامەیە بە ماوەی کارکردن بۆ مەبەستەکانی ئەم یاسایە دادەنرێ.

### ماددەی بیست وپێنجەم :

یەکەم: سەرۆك و جێگری سەرۆك و ڕاوێژکار بە مەرسوومێکی هەرێمی لەسەر پێشنیازی وەزیری داد و ڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دادەمەزرێن.

دووەم: ڕاوێژکاری یاریدەدەر بە بڕیاری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و لەسەر پێشنیازی وەزیری داد و ڕاسپێری دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی شوورا دادەمەزرێ.

### ماددەی بیست وشەشەم :

یەکەم: سەرۆك بە پلەی تایبەت دەبێ ومووچەی پلەی تایبەت (أ) وەردەگرێ.

دووەم: جێگری سەرۆك و ڕاوێژکار مووچەی پلەی تایبەت (ب) وەردەگرن.

سێیەم: ڕاوێژکاری یاریدەدەر مووچەی پلەی یەکەم وەردەگرێ.

### ماددەی بیست وحەوتەم :

یەکەم : وەزیری داد بۆی هەیە بە ڕەزامەندی وەزیری فێرکردنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستی دوو لە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە زانکۆکانی هەرێم ئینتیداب بکات لە وانەی بڕوانامەی دوکتۆرایان لە یاسا هەیە وپایەی زانستیان لە بروفیسۆری یاریدەر کەمتر نیە و ئەمەش بەرەزامەندی نووسراوی خۆیان دەبێ بۆ کارکردن لە ئەنجومەن وەك ڕاوێژکاری خۆتەرخانکەر (متفرغ) بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵ کە قابیلی نوێکردنەوەیە بۆ یەك جار.

دووەم : وەزیری داد و بەڕزامەندیی سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری بۆی هەیە دادوەرانی پۆلی یەکەم بە ڕەزامەندی نووسراوی خۆیان، بۆ کارکردن لە ئەنجومەن ئینتیداب بکات وەك ڕاوێژکاری خۆتەرخانکەر بۆ ماوەی سێ ساڵ و قابیلی نوێکردنەوەیە بۆ یەك جار و هەموو سیفەتێکی دادوەریشیان دەپارێزن.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

**ماددەی بیست و هەشتەم :**

نابێ سەرۆك یان جێگری سەرۆك یان ڕاوێژكار یان ڕاوێژكاری ئینتیدابكراو یاخود راوێژكاری یاریدەدەر بگیرین یاخود رێكاری سزاییان دەرهەق وەربگیرێ مەگەر بە رەزامەندیی وەزیری داد بێ، بەدەر لەوەی كە تاوانێكی جینایی دەست ئەنقەست و بینراویان ئەنجام دابێ.

**ماددەی بیست ونۆیەم :**

سەرۆك یان جێگری سەرۆك یان ڕاوێژكار یاخود ڕاوێژكاری یاریدەدەر خانەنشین دەكرێن كاتێك شەست و پێنج سالّی تەمەنیان تەواوكرد و یاسای خانەنشین كردنی خاوەن فرمانە بەرزەكانیان بۆ پیادە دەكرێ.

**ماددەی سییەم :**

هەر حالّەتێك حوكمێكی بۆ نەهاتبێت لەم یاسایە دا ئەوە یاسای خزمەتی شارستانی دەیگرێتەوە .

**ماددەی سی و یەکەم :**

دەستەواژەی (ئەنجومەنی شوورای هەرێمی كوردستان ـ عیراق) شوێنی (ئەنجومەنی راوێژكاریی) دەگرێتەوە لەهەر شوێنێكی یاساو پیرەوی بەركار لە هەرێم دا هاتبێ و ناونیشانی كارمەندان لە ئەنجومەن بە پێی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەگۆڕدرێن.

**ماددەی سی و دووەم :**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یا بڕیارێك ناكرێ گەر لەگەلّ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێ.

**ماددەی سی وسێیەم :**

**پێویستە** لە سەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنی پەیوەندیدار حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن.

**ماددەی سی وچوارەم :**

وەزیری داد بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانكاریی جێبەجێ كردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەربچوێنێ.

**ماددەی سی وپێنجەم :**

ئەم یاسایە لە رۆژی بلاّوكردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی كوردستان) دا جێبەجێ دەكرێ.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

ئەم یاسایە لە ٢٢ی گەلاّڕێزانی ٢٧٠٨ی كوردی بەرامبەر١٥ی ذی القعدة ١٤٢٩ی كۆچی و بەرامبەر ١٣ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٨ی زاینی لە هەولێر دەرچوو

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.moikudistan.com

## هۆیە پێویستیەکانی دەرچواندنی

دوای ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی کە بەسەر ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمدا هات و لەبەر روون نەبوونی حوکمە تایبەتیەکان بۆ سەیرکردنی ناکۆکیە کارگێڕییەکان و بۆ دابین کردنی یەکێتی یاسادانان و بە مەبەستی دانانی دادگاکانی کارگێڕیی بۆ یەکەم جار لە هەرێمدا بۆسەیرکردنی مەشرووعیەتی بڕیارە کارگێڕییە هەمە جۆرەکان و لە پێناوی دانانی ئەنجومەنی بەرزەفتکردنی فەرمانبەرانی هەرێم بۆ ئەوەی دەرفەت بۆ فەرمانبەرانی هەرێم برەخسێ تاکو لە لای تانووت لەو بڕیارانە بدەن کە لەلایەن سەرۆکەکانیانەوە دەرهەقیان دەرچوون، لەگەڵ بوونی لایەنی خاوەن تایبەتمەندیی کە توانای داڕشتنی ئەو یاساکارییەی هەبێ کە حکومەت ئامادەی دەکات تاکو پێشکەش بە دەستەڵاتی یاسادانانی بکات و توانای ئەوشی هەبێ لە دەربڕینی بیروڕا لە بارەی پرسە یاساییە ئالۆزەکان یان ئەوانەی ناکۆکییان لەسەرە لە نێوان لایەنە پەیوەندیدارەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی کارمەندان لە ئەنجومەنی شوورای هەرێم و پێدانی زەمانەتی تەواو کە لەگەڵ گرنگی ئەرکی سەرشانیاندا بگونجێ، بۆیە پێویستی کرد یاسایەکی تایبەت بە ئەنجومەنی شوورای هەرێم دابنرێ، بۆیە ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.moikudistan.com